هەڵبجە.. فازیل شەوە

تا لەت هەڵگەڕێنەوە و
پشت لە بەهەشتەکەی تۆ بکەن
تف لە بەهەشتەکەی تۆ بکەن
بە بەنی
جوانترین و
خۆشترین
میوەی باخ و ڕەزەکانی تۆ
هاتن ئەوانیان خنکاند
هاتن ئەوانیان سووتاند
بە بەنی سەوەکەی تۆ
کانی و ڕووبار و باغ و ڕەزیان
کوشت
کەتر و ئاسک و کار و بازیان
کوشت
غەزاڵ و خاوەر و خونچە و نازیان
کوشت
خەنی بوون، گوتیان:
لە دەی کوردان
خودامان کوشت
لە ... پاش (٣٣)ساڵ
لەسەر دیواری هەر ماڵێک
لە هەڵەبجە
(اللە) یەک
هەڵواسراوە
لە شەکرە سەو
شیرینترە
هەڵەبجە
لە سوورە سەو
جوانترە
هەڵەبجە.

فازیل شەوە